# پرۆژە بڕیاری پاکسازی لە لیستی مووچەخۆران

یەکەم: پێکهێنانی لیژنەیەکی هاوبەش لە نێوان لیژنەکانی دەستپاکی و دارایی وئابوری پەرلەمان و دیوانی چاودێری دارایی بۆ وردبینیکردن لە دوسیەی سەرجەم مووچەخورانی هەرێم و جیاکردنەوەی مووچەخورانی راستەقینە و وەهمی.

دووەم: سیستمی بایۆمەتری بکرێتە پێوەری بنچینەیی لە پاکسازی ژمارەی مووچەخوراندا و پێویستە حکومەت هەموو سەرجەم وردەکاری بایۆمەتری بخاتە بەر دەستی لیژنەی ئاماژە پێکراو لە بڕگەی یەکەم.

سێیەم: لە رێگای ئەنجومەنی وەزیرانەوە هەر وەزارەتێك لە ماوەی ٢٠ رۆژدا تەواوی زانیاری داواکراو بخاتە بەردەستی لیژنەکە.

چوارەم: دەزگای خانەنشینی سەربازی و شارستانی وردەکاری دۆسیەکانی خانەنشینان بخاتە بەردەستی لیژنەکە.

پێنجەم: لیژنە هاوبەشەکە لە ماوەی ٣٠ رۆژدا راپۆرتی کۆتایی بخەنە بەردەستی پەرلەمانی کوردستان.

شەشەم: لەسەر ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانە رێنمایی پێویست دەربکات بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە.

حەوتەم: ئەم بڕیارە لە روژی دەرچواندنی جێبەجێ دەکرێت.

## هۆیەکانی دەرچواندنی ئەم بڕیارە

بۆ ئەوەی قورسایی لە سەر بودجەی حکومەتی هەرێم کەم بکرێتەوە پێویستە پاکسازی لە لیستی مووچەخوران ئەنجام بدرێت و تەنها مووچەخورانی راستەقینە مووچەی تەواویان پێبدرێت، بۆیە ئەم بریارە دەرچواندرا.